# هەواڵ هەواڵ

## گەنجێک خۆی دەکوژێ

ڕۆژی ١١-١١-٢٠٠٦، لە قەزای چۆمان گەنجێک بە ناوی (س.م) بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە، گوللەیەکی لە خۆی داو خۆی بریندار کرد، لەبەر سەختی برینەکەی ڕەوانەی نەخۆشخانەی گشتی چۆمان کرا، دوای دوو ڕۆژ، لەبەرسەختی برینەکەی گیانی لەدەستدا.

## خوێندکارانی ڕایەت مان دەگرن

ڕۆژی ١٢-١١-٢٠٠٦ ، ژمارەیەک فێرخوازی شارەدێی ڕایات لەپێوەندی نەبوونی فێرگەی دواناوەندی مانیان گرت، هەروەها بە هاوبەشی لەگەڵ ڕیشسپیانیی گوندەکەیان یاداشتنامەیەکیان ئاراستەی پەروەردەی چۆمان کردووەو لێیان خواستووە کە فێرگەیەکی دواناوەندی لە گوندی ڕایەت بکرێتەوە.

شیاوی باسە فێرخوازانی قۆناغی دواناوەندی ڕۆژانە بە پێ ١٠ کیلۆمەتر دەبڕن تا دەگەنە فێرگەکەیان لە شاری چۆمان.

مانگرتووان پەروەردەی چۆمان بەوە تۆمەتبار دەکەن کەبەڵێنەکانی خۆیان جێبەجێ ناکەن، وێڕای ئەوەی کە چەندین جار سۆزو بەڵێنی کردنەوەی فێرگەی دواناوەندیان پێداون کەچی تا ئێستا تەنیا دەستی دەستیان پێدەکەن .

بەگوێرەی هەواڵ ئەمجارەاین بەڵێنیان پێداون کە لە ماوەی ١٠ ڕۆژ گرفتەیان بۆ چارەسەربکەن

## دابەشکردنی نەوت شەڕی لێدەکەوێتەوە

بەهۆی دابەشکردنی نەوتەوە بە نیشانی داری بزمار، لە ناوچەکانی دۆڵی ڕۆستێ لە ئەنجامی دابەشکردنی نەوتدا، کێشە لەنێوان وڵاتیان و دابەشکەرانی نەوتدا دروست بوو. بە گوێرەی ئەم هەواڵە لە شوێنەکانی دیکەدا بڕی ٢٠٠ لیتر نەوتیان داوە بە خەڵک، بەڵام خەڵکی دۆڵی ڕۆستێ گومانیان لەم دابەشکردنە لەلا دروست بوو بە فڕوفێڵیان لەقەڵەمدا. لە ئەنجامدا هەڵپڕژانێک لە نێوان گوندی بێشی و لیژنەکەدا پەیدا بوو لە ئەنجامدا ئاسایش گەیشتە شوێنی ڕووداوەکەو دۆخەکەی ئارام کردەوە.

## بەرپرسێک چاو لە بەرمیلێک گازوایل دەبڕێ

بەگوێرەی هەواڵ ڕۆژی ١٥-١١-٢٠٠٦ بەرپرسێکی بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی لە ناحیەی قەسرێ بەرمیلێک گازوایلی فەرمانگەکەی بە وڵاتیەکی گوندی ماوتان فرۆشتووە.

سەرچاوەکە وا ڕادەگەیەنێ کە خەڵکی بینیویانە کەئەو بەرمیلە گازوایلە لە ماڵی بەرپرسەکەوە بۆ ماڵی وڵاتیەکە گواستراوەتەوە .

## سۆران: ٨٤ مامۆستا مان دەگرن

ڕۆژی ٤-١٠-٢٠٠٦ ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بڕیارێکدا ١٢٥ هەزار دینار دەرماڵەی بۆ مامۆستایان تەرخان کرد، بەڵام بەگوێرەی هەواڵەکان ئەم بڕیارە ٨٤ مامۆستای مۆڵەتپێدراوی لە کۆلیژی پەروەردەی سۆران نەگرتۆتەوە. لەو پێوەندیەدا لە هەفتەی ڕابردوو ئەو مامۆستایانە مانیان لە دەوامکردن گرتووەو داوا دەکەن کە دەرماڵە ئەوانیش بگرێتەوە.

## لەبەربێ فەرمانبەری لەکار دەکەوێ

بەگوێرەی هەواڵ، لەبەرنەبوونی ئەندازیار، کرێکار و فەرمانبەر لە شارەوانی ژاراوەی سەر بە دەڤەری پشدەر کاری وڵاتییان لەم فەرمانگەیەدا ڕاوەستاوەو خەڵکەکە دووچاری کێشەو گرفت بوونەتەوە.

بەگوێرەی هەواڵ شارەوانی ژاراوە بۆ ئەم مەبەستە سەردانی قایمقامیەتی قەڵادزێی کردووەو لەکێشەکە ئاگاداری کردۆتەوە ،داوای کردووە کە کارمەندانی نوێیان بۆ دابمەزرێنن و گرفتەکانیان بۆ چارەسەر بکەن.

## ڕانیە: مریشکی ئێکسپایەر کۆدەکرێنەوە

ڕۆژی ٢٥-١١-٢٠٠٦ لیژنەی تایبەتی بۆ نەهێشتنی سەرپێچی و گرتنی کاڵای بەسەرچوو، بەهاوکاری هێزێکی ئاسایش هەڵمەتێکی کتوپڕیان لە نێو بازاڕی شاری ڕانیە بەڕێووەبرد، هەڵمەتەکە تایبەت بە گۆشتی مریشک بوو، وا بڵاوبۆتەوە کە زۆربەی ئەو مریشکە کوژراوانەی لە تورکیا و ئێرانەوە دێنە بازاڕەکانی کوردستان، ئێکسپایەرن، خواردنیان زیان بە خەڵک دەگەیەنێ.

بەگوێرەی هەواڵ لەو هەڵمەتەدا مریشکە ئێکسپایەرەکان کۆکراونەتەوەو سووتێنراون. دوکاندارەکان و خۆیان بە زەرەرمەند دەزانن و داوای قەرەبوو دەکەن، گلەیی ئەوە لە لایەنە پەیوەندارەکان دەکەن کە بۆچی ڕێگە بە هاتنی کاڵای ئێکسپایەر دەدەن.

## مەزنێ : گورگ پەلاماری کرێکاران دەدات

کاتژمێر١٣,٣٠ی ڕۆژی ٢٤-١١-٢٠٠٦ لە گوندی کانی شەکری مەندی دەڤەری مەزنێ گەلەگورگێکی برسی پەلاماری کرێکارانی پرۆژەی ئاوی ناوچەکە دەدەن، لە ئاکامدا سێ کرێکار بە ناوەکانی ( فەیسەل عومەر، سەبری عومەر، سەعدی دۆلەمەری) بریندار دەکەن، بەڵام خەڵکی ناوچەکە بە هانایانەوە دەچن و ڕزگاریان دەکەن، لەبەر سەختی برینەکانیان ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێن.

## بەتۆمەتی ساختەکاری ٦ کەس دەستگیر دەکرێن

ڕۆژی ٢٣-١١-٢٠٠٦ شەش کەس بە تۆمەتی ساختەکردنی پسولەی غاز لە ڕانیە دەستگیر دەکرێن و لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێ.

بەگوێرەی هەواڵەکان شەش کەس پسولەی غازی خەڵکیان ساختە کردووە، دواتر خەڵکەکە پێیانزانیووە سکاڵایان لە دژدا تۆمار کردوون. بەوهۆیەوە لەلایەن ئاسایشەوە پەروەندەیان بۆ کراوەتەوەو خراونەتە ژێر لێکۆڵینەوە، ئەگەر ئەو تۆمەتەیان لەسەردا ساغ بێتەوە سزای زیندنی کردنیان بەسەردا دەسەپێنرێ.

## دەستەڵاتداران دەیانەوێ کۆمیتەی بەرگری لە سەرکردەکان پێکبهێنرێ

سەرچاوەیەکی نزیک لە حزبێکی دەستەڵاتدار بە ( ڕۆژی گەل)ی ڕاگەیاند، دوای ئەوەی ماڵپەڕەکانی تۆڕی ئینتەرنێت و ژمارەیەک ڕۆژنامەی ئەهلی ڕەخنەکانیان بۆسەر دەستەڵاتداران چڕکردۆتەوە و باس لە گەندەڵیەکانیان دەکەن و مێژووی ئەوان دەخەنە ڕوو، بەرپرسان بیریان لەوە کردۆتەوە کە دەبێ لە ڕێگەی نووسەرانی ناحزبیەوە بە تووندی وەڵامیان بدرێتەوە و بەرەو ململانێی دیکە ڕابکێشرێن.

سەرچاوەکە ڕایگەیاند کە دەستەڵاتداران هەوڵی ئەوە دەدەن لە هەنگاوی یەکەمدا لەڕێگەی تەکنیکیەوە سانسۆر بخرێتە سەر کافینێتەکانی کوردستان بۆ ئەوەی ئەو ماڵپەڕانە نەکرێنەوە، دواتریش کۆمیتەیەک بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بابەتانە لە چەند نووسەرێکی ناحزبی پێکبهێنرێ، بەنووسین دژایەتی ئەو کەسانە بکەن کە ئەو بابەتانە دەوروژێنن .

سەرچاوەکە جەختی کردووە کە لەڕۆژانی ڕابردوودا لە نووسینگەکانی چەند ڕۆژنامەو بڵاوکراوەیەکی حزبێکی باڵادەستدا بانگهێشتی نووسەرانی ناحزبی کراوەو ئەو پێشنیارەیان بۆ شێکراوەتەوە، بەڵام تا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە هیچ یەک لەو نووسەرانە ئامادە نەبوونە ئەو ئەرکە لە ئەستۆ بگرن، هەندێک لەو نووسەرانە ڕاشکاوانە پێیانگوتوون کە ئێوە نووسەرانی حزبی پارەی مفت وەردەگرن و سەروەت و سامان کۆدەکەنەوە و توانای ئەوەتان نیە کە داکۆکی لە سەرکردەکانتان بکەن و وەڵامی ئەو نووسەرانە بدەنەوە کەچی دەتانەوێ ململانێ لە نێوان خودی نووسەرانی ناحزبی دروست بکەن و خۆشتان پێمان پێبکەنن !

## کۆمەڵەی زیندانییە سیاسییەکان بەیاننامەیەک بڵاو دەکاتەوە

ڕۆژی ١٥-١١-٢٠٠٦ کۆمەڵەی زیندانیانی سیاسی کوردستان بەیاننامەیەکی بڵاوکردۆتەوەوڕایگەیاندووە کە کۆمەڵەکەیان لە زیندانیانی سیاسی هەموو لایەنە سیاسییەکان جگە لە ( پارتی دیموکراتی کوردستان) پێکهاتووەو ساڵی (٢٠٠٢) دامەزراوە، بەڵام ئامادەیی خۆی پێشانداوە بۆ یەکبوون لەگەڵ ڕێکخراوی زیندانیە سیاسیەکان.

لەبەیاننامەکەدا هەڵوێستی کۆمەڵە سەبارەت بە دواکەوتنی یەکگرتنەوەی (کۆمەڵەو ڕێکخراو) خراوەتەڕوو، لایەنی بەرانبەری بە کەمتەرخەم و هۆکاری یەکنەگرتنەوە تۆمەتبارکردووەو نووسیویەتی :کاری هاوبەش کە لە بەرواری ٤-٩-٢٠٠٦ لەسەری ڕێکەوتبووین دەخەینە ئەستۆی برادەرانی ڕێکخراوی زیندانی سیاسی کە هەنگاو بەرەو پێشەوە نانێن ئێمە لە بەرواری ١١-١٠-٢٠٠٦ بە فەرمانی کارگێڕی ژمارە (٩٠٥) لیژنەیەکمان دیاری کردووە بۆ کاری هاوبەش، بەڵام بەداخەوە تائێستا وەڵامیان نەداوینەتەوە. سەرەڕای چەندین دەست پێشخەریمان...

بۆیە ئێمە بۆ مێژوو زانیاریتان و هەڵنەگرتنی بەرپرسیارێتی مێژوو ئەم پەراوێز کردنەی زیندانیانی سیاسی و بێبەش کردنیان لەدەستبەرکردنی مافەکانیان. دەخەینە ئەستۆی ( ڕێکخراوی زیندانی سیاسی)..

## قەڵادزێ ڕێپێوان دەکات

ڕۆژی ٢٠-١١-٢٠٠٦ دانیشتووانی شاری قەڵادزێ بە پێشەنگایەتی کۆمەڵەی هاوکاری قەڵادزێ کە لەدەرەوەی وڵات لەلایەن قەڵادزێیەکانەوە پێکهێنراوە، بەمەبەستی نارەزایی دەربڕین بەرانبەر ڕەوشی خراپی خزمەتگوزاری شارەکەیان ڕێپێوانێکی هێمنانەیان بەڕێوەبرد، خۆپێشاندەران داوایان دەکرد کە بەزووترین کات پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی شارەکە چاکبکرێتەوەو خەڵکی لە بێ ئاوی ڕزگاربکرێ، ڕێژەیەکی زۆرتر کارەبا بە شارەکە بدرێ، ڕێگاوبانە سەرەکیەکان چنۆژەن بکرێنەوەو کۆڵان و شەقامەکانیش قیرتاو بکرێن.

ئەوەی شیاوی باسە دانیشتووانی شاری قەڵادزێ گلەیی لە خراپی پرۆژەکانی خزمەتگوزاری دەکەن، لەم پێوەندیەدا بەڵێنیان داوە ئەگەر لە داهاتویەکی نزیکدا حکومەت وەڵامیان نەداتەوە و کێماسیەکانیان بۆ جێبەجێ نەکات، سەرلەنوێ دەست بە ڕێپێوان و خۆپێشاندان دەکەنەوە، گوشاری دیکەش بۆ دەستەبەرکردنیان دەگرنە بەر.

## ئامەد: داوای زیندانیکردنی هەمیشەیی بۆ ٨ گومانلێکراو دەکرێ

**هەواڵەکان:** هەفتەی ڕابردوو،داواکاری گشتی شاری ئامەد لەپێوەندی کوشتنی خاتوو(گوڵستان گوموش)دا داوای سزای زیندانیکردنی هەتامردنی بۆ ٨ گومانلێکرا کرد.

داواکاری گشتی شاری دیاربەکر بەپشت بەستن بە ڕاپۆرتی پۆلیس، ئۆمەر تاش و محەمەد شای بە بکوژی سەرەکی گوڵستان گوموش ناساند، لە دادگەی خواست کە سزای هەتامردن بەسەر ئەو دوو تاوانبارە و شەش یاوەری دیکەیان بسەپێنێ.

ئۆمەر تاش بەوە تۆمەتبار کراوە کە ژنە تۆراوەکەی، بەهاوکاری محەمەد شای خزمی خۆی لە ماڵی خەزووری دەرهێناوە،دواتر بەهاودەستی شەش کەسی دیکە بە گوللە کوشتوویەتی.

شیاوی باسە ڕۆژی ٢٤-٧-٢٠٠٦ ئۆمەر تاش بەیاوەری محەمەد شا هەڵدەکوتێتە سەر ماڵی خەزووری لە ناوچەی چناری پارێزگای ئامەد و بەزۆر گوڵستانی تەمەن ٢٢ ساڵە دەردەهێنێ و بەرەو شوێنێکی نادیار دەیرفێنێ.

زانیاریەکان ئاشکرا دەکەن کە گوڵستان گوموش وەک بەدەل ، بەزۆر زەماوەندی لەگەڵ ئۆمەر تاش پێکراوە، لەژیانی هاوسەرێتیدا ئازارو ئەشکەنجەی زۆری دیوە، سەرەنجام بەرەو ئەستەنبوڵ ڕادەکات و کچەکەشی لەگەڵ خۆیدا دەبات، بەڵام خزمە نزیکەکانی بەدوای دادەچن ، ڕازی دەکەن و دەیهێننەوە بۆ ماڵی باوکی ، ئۆمەر تاشی هاوسەری کاتێ دەزانێ گوڵستان گەڕاوەتەوە ماڵی باوکی، بەیاوەری محەمەد شا هەڵدەکوتێتە سەر ماڵی خەزووری و بەزۆرەکی ژنە تۆراوەکەی دەردەهێنێ و لەگەڵ خۆیدا دەیبات، دواتر دەیکوژێ و تەرمەکەشی لە چۆلەوانی فرێ دەدات.

## هەواڵی سەیر

* بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٠٦_٢٠٠٧ چەند فێرگەیەکی نوێ لەسنوری قەزای چەمچەماڵ و لەنێو خانووی ماڵان کراونەتەوە. بەڵام هیچیان کارگوزاریان بۆ دابین نەکراوە، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەیان کردووە و داوای کارگوزاریان کردووە، پێیان گوتوون: جارێ جەنابی وەزیر دامەزراندنی ڕاگرتووە و گوتویەتی با مامۆستا و فێرخوازان خۆیان فێرگەکانیان پاک بکەنەوە.

* هەرچەندە ئێستا لەچەمچەماڵ کێشەی دابەشکردنی غازی ماڵان کەم بووەتەوەو لەڕێگای بریکارەکانی خۆراکەوە دابەش دەکرێت، بەڵام دیسانەوە لەهەفتەی ڕابردوو پیاوێکی بەتەمەن و پۆلیسێک لەسەر ئەو دابەشکردنە بەشەڕهاتن،لەیەکتریشیاندا، جنێودان و خۆزگە دەستەڵاتیشی گرتەوە.

* بەرانبەر کارگەی شەکرەکەی سلێمانی شوێنێکی گرنگ بۆ ڕاوەستانی پاس و تاکسی هەیە، ڕۆژانە پۆلیسی هاتوو چۆ لەوێ چەندین ئۆتۆمبیلی تایبەت دەگرن و سزای یاساییان بۆ دەبڕنەوە. ڕۆژی ٢٠٠٦/١١/١٨ ئۆتۆمبیلێک ڕاوەستاو یەکێک بۆ جگەرە کڕین دابەزی، پۆلیسێک ئەمەی بەدەرفەت زانی و داوای مۆڵەتی شۆفێری لێکرد. لەئەنجامدا شەڕو دەمەقاڵێی لێکەوتەوە، کاکی شوفێر چینێکی خۆشی لە پۆلیسەکەدا.دواتر شۆفێرەکە ناسنامەکەی خۆی پێشاندا، دەرکەوت ئەفسەرە، بۆیە پۆلیسەکانی دیکەش لەترسانا سەلام قوتێکیان بۆکرد.

شایانی باسە لەدوای بانگی عەسرەوە گەراجی چەمچەماڵ و تەکیە و بازیان ئۆتۆمبیلی تیا نامێنێ، خەڵکەکە بەناچاریەوە ڕوو لەو شوێنە دەکەن ئەویش بەو حاڵەوە!

* فەرمانبەرێکی دەستڕۆیشتووی ناو قائمقامیەتی قەزای (.........) کە لەگەڕەکی شەهیدانی ژمارە/ ٦٩ نیشتەجێیە، تەنها بۆ ماڵەکەی خۆی کارەبای ڕاکێشاوە، هەر لەبەر خاتری ئەویش تا بەردەرگە کۆڵانەکەیان بۆ چەو ڕێژکردووە. هەروەها بەنیازە هێڵی تەلەفونیش بۆ خۆی ڕابکێشێ.

* مامۆستایەک بەبێ ئەوەی لیژنەی پزیشکی بیبینێ،(٢١ ڕۆژ) مۆڵەتی پزیشکی لەنەخۆشخانەی گشتی وەرگرتووە،لەجیاتی لیژنە ئیمزای یەک دکتۆری لەسەرە. کاتێ دەیبات بۆ بەڕێوبەرایەتی پەروەردە نایگێڕنەوە، بەڵکو ٢٧ ڕۆژ مۆڵەتی بۆ تۆمار دەکەن.

* لەم وەرزی باران و سەرپەڵەیەدا وەرزی جووت و جووتیاری یە، ئەرکی قایمقام و ناحەیکانە کە ئاسانکاری بۆ جووتیاران بکەن، لانی کەم گازوایلیان بۆ دابین بکەن کەچی لەناحیەی قەرەهەنجیر و شۆڕش و چەمچەماڵ پێیان گوتوون ڕۆژانە (٥ لیتر) گازوایلتان بەردەکەوێ، واتە بە ( ١٠ ڕۆژ ٥٠ لیتر ). ئیتر لە جیاتی هەرزانی، کرێی تراکتۆر گران بووە.

## تورکیا دیپۆرتیان دەکاتەوەو ئاسایش دەیانگرێ

هەواڵەکان- ڕۆژی گەل: لەهەفتەی ڕابردوودا، هێزەکانی پۆلیسی تورکیا ڕاگەیاند کە زیاتر لە ٥٠ لاوی سەرهەڵگرتووی باشووری کوردستانیان دەستگیرکردووە کە بەنیاز بوونە لە ڕێگەی تورکیاوە بەرەو هەندەران بڕۆن. ئەو دەستگیرکراوانە ماوەیەک لە بنکەکانی قەرەقوڵ ڕاگیران و دواتریش لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل ڕادەستی ئاسایشی کوردستان کرانەوە.

سەرچاوەیەک بە -ڕۆژی گەل-ی ڕاگەیاند کە ئاسایشی ئیبراهیم خەلیل بە وردی لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو ڕادەستکراوانەدا دەکات، ئەوانەی بە ڕێگەی قاچاغ سنووریان بەزاندبێ، پەروەندەیان بۆ دەکرێتەوە و ڕەوانەی دادگە دەکرێن و سزا دەدرێن، هەروەها ئەوانەی بە یاسایی و بە پاسەپۆرت سەفەری تورکیا کردبێ و لەوێ گیرابن و ڕادەستکرابنەوە دوای لێکۆڵینەوە ئازاد دەکرێن.

ڕۆژی ٢٥-١١-٢٠٠٦ بنکەی ئاسایشی ئیبراهیم خەلیل ٣٧ ڕادەستکراوی ئازاد کرد کە هەموویان بە شێوەیەکی یاسایی سەفەری تورکیایان کردبوو، بەڵام هێزی پۆلیسی تورکیا بە ئەنقەست بۆ بێزارکردنیان، ئەوانەی دەستبەسەرکردبوو، بە بیانوی جۆراوجۆرەوە دیپۆرتی کردبوونەوە. دوای لێکۆڵینەوە دەرکەوتبوو ئەو ڕادەستکراوانە هیچ کێشەیەکی یاساییان نەبووە، بەوهۆیەوە ئازادکرابوون.

## سەنگەسەر: ئۆتۆمۆبێل وڵاتییێک دەشێلێ

ڕۆژی ٢٠-١١-٢٠٠٦ لە ناو شارۆچگەی سەنگەسەردا ئۆتۆمۆبێلێک کەسێک بە بەناوی ( وەستا. ع) دەشێلێو بەسەختی برینداری دەکات، لەبەرسەختی برینەکەی ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرێ، بەڵام بەداخەوە گیان لەدەست دەدا.

ئەوەی شیاوی باسە کارەساتی ئۆتۆمۆبێل یەکێک لە سامناکترین کارەساتەکانی ئەمڕۆی کوردستانە، ڕۆژانە دەیان ڕووداوی هاوشێوە دووپات دەبنەوە،و زیان بەسەرو گیانی خەڵک دەگەیەنێ، هەندێک لەو کارەساتانە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە ڕێنمایی و کەمتەرخەمیەکانی پۆلیسی هاتوچۆوە هەیە، زۆربەشیان بۆ نەزانی و لەبەرچاونەگرتنی ئامۆژگاری و ڕێنوێنیەکانی هاتوچۆ لەلایەن شۆفێرەکانەوە دەگەڕێتەوە.